# یاخیبون وەک ڕۆحێکی ئاڤانتگارد لە شیعرکانی (هەندرێن)دا

هەژار ئەحمەد عەبدولغەفور[1] - هەدار سەفەری محمد[2]

[1+2]بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

بابەتی پێشەنگبونی ئەدیب و هونەرمەند، لە دێرزەمانەوە، بە سەرنجدان لە چییێتی و بونی ئەدەب و هونەر، پرسێکی جێگەی باس بوە. هەمیشە باس لەوە کراوە کە ئەدەبیات و هونەر باس لە شتگەلێک دەکەن، کۆمەڵێک داهێنان دەهێننەگۆڕێ، ئاسۆیەک دەبینن، کە خەڵکانی ئاسایی یان هەستی پێ ناکەن، یان نایزانن یان ناتوانن درکی پێبکەن. لەمڕووەوە هەمیشە جۆرێک لە جیاوازی، یان جۆرێک لە تایبەت بون سەبارەت بە هونەرمەندان هەبوە. ئەم بابەتە لە سەردەمی نوێدا، بە ئاڤانتگارد بون دەردەبڕدرێ. ئەم توێژینەوەیەی بەردەست کە بە ناونیشانی (یاخیبون وەک ڕۆحێکی ئاڤانتگارد لە شیعرکانی هەندرێن دا)یە، هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەو تایبەتمەندییە پێشەنگبونەی کە لە لای (هەندرێن)ی شاعیر، دەرکەوتوە .
لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە، کە یاخیبونی نوسەر، وەک بەرجەستەکەری ڕۆحی ئاڤانتگاردیزم، نیشان بدرێ و، گرنگترین دەرکەوتەکانی ئەو ئاڤانتگاردبونە، بە پشتبەستن بە باکگراوندی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوبراو، بخرێتەڕو. بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، مێتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە و، سەرەنجام لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی کە داماننناوە و ئەو داتایانەی کۆمانکردونەتەوە و ئەو ڕاستییەی کە سەبارەت بە ژیانی نوسەر خراوەتەڕو، دەرکەوتوە، کە نوسەر لەڕێگەی یاخیبون و هەروەها پشتتێکرن و ڕەخنەلێگرتن لە هەریەک لە پێناسە پێکهاتەییە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگە و هەروەها ڕوانینە باوەکان سەبارەت بە نەریتی سیاسی بزوتنەوەی کورد، بەرجەستەکەری ڕۆحێکی ئاڤانتگاردە.

**کلیلە وشەکان:** ئاڤانتگاردیزم، یاخیبون، داهێنان، هەندرێن

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(3).Paper31
**Received:** 08-Nov-2022
**Accepted:** 05-Dec-2022
**Published:** 29-Sep-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
Hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq
hadarsafari1996@gmail.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی

ئەدەبیات دنیایەکی بێسنورە؛ بەو مانایە نا کە کردەوەو و چالاکییەکی بێ هارمۆنی و خاوەن پێکهاتەیە، بەڵکو بەو مانایەی کە دنیای هزر و ئەندێشەی بەکارهێنراو تێیدا، سنوری نییە. لێرەوەیە هەمیشە ئەدیب، جیاوازتر لەوانی تر بیردەکاتەوە و ئاسۆ نوێیەکان لەبەردەم دا دەخوڵقێنێ و بون لە قاڵبێکی دیکەی خۆیدا بەرجەستە دەکات. ئەم تایبەتمەندییەی ئەدەبیات، ڕێگا بۆ گفتوگۆیەک خۆش دەکات، کە یەکێک لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی پرسی پێشەنگایەتی ئەدیبان و ئەدەبیاتە؛ بەو مانایەی کە هەمیشە ئەوان باس لە دنیایەک دەکەن و دنیایەک دەخوڵقێنن، کە جیاوازترە لەوەی ئەوانی تر لێی دەدوێن. ئەم توێژینەوەیەی بەردەست کە بە ناونیشانی (یاخیبون وەک ڕۆحێکی ئاڤانتگارد لە شیعرکانی هەندرێن دا)یە، هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەو تایبەتمەندییە پێشەنگبونەی کە لە لای (هەندرێن)ی شاعیر، دەرکەوتوە و هۆکاری هەرە گرنگ لە هەڵبژاردنیدا، لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوەیە، کە ڕەهەندەکانی ئەو ئاڤانتگاردبونە، بە سەرنجدان لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نیشانبدەین و ئەو بخەینەڕو، کە تا چەندە شاعیر لە ڕێگەی یاخیبونەوە، پێشەنگایەتییەکەی لەسەر بنەمای ڕەتدانەوە و ڕەخنەگریی واقیعی دەوروبەری خۆی، نواندوە. ئەمەش لەوبارەوە گرنگە، کە ئاڤانتگاردبون، تەنیا لە هەبونی ئایدیای موجەڕەددا نییە، بەڵکو لەوەدایە، تا چەند دەتوانێ سەرنجی دنیای ڕاستەقینە بدات و ڕوانگە ڕەخنەگرانەکانی ڕاشکاوانە دەربڕێ.

## گریمانە و پرسیاری توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی سەرەکیمان ئەوەیە، کە شاعیر بە سەرنجدان لە هەلومەرجێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە ماوەی ژیانیدا هەیبوە و ئەزمونی کردوە و کاریگەرییان لەسەر داناوە، هەوڵیداوە دژیان بوەستێتەوە و لێیان یاخی بێت و، دنیابینی خۆی لەناو شیعرەکانیدا، بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و بە تایبەتمەندییەکی ئاڤانتگاردانە، بەرجەستە بکات. بۆ گەیشتن بە ڕاستی ئەم گریمانەیەش، هەوڵمانداوە، وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییانە بدەینەوە:

ـ تا چەندە شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیین؟

ـ گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەو یاخیبونە لە پێوەندی لەگەڵ چ بابەتێکدا خراونەتەڕو؟

ـ ئایا ئەو یاخیبونە توانیویەتی، ڕۆحی ئاڤانتگاردانەی شاعیر بەرجەستە بکات؟

## مێتۆدۆلۆژی و سنوری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە و، بۆ ئەمەش دابەشی سەر دو تەوەری سەرەکی کراوە. سەرەتا لە تەوەری یەکەمدا، بە تیشک خستنەسەر چییەتی ئاڤانتگاردیزم، چ وەکو چەمک و چ وەکو پێناسە، هەوڵدراوە لە ڕوی تیۆرییەوە، چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، دیاری بکرێت و، دواتر لە تەوەری دوەمیشدا، بە کارکردن لەسەر شیعرەکانی هەندرێن، یاخیبون وەک ڕۆحی ئاڤانتگاردیزم بەرجەستەکراوە. گرنگە ئەوە بگوترێ، کە ڕوانگەی سەرەکی ئێمە بۆ دەرخستنی ڕادەی ئاڤانتگاردبونی ناوبراو، لەسەر ئەو بنەمایە بوە، کە پێمانوابوە پێویستە ئەم ڕۆحە لە ململانێ لەگەڵ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، دەربکەوێ و پەیوەندی هەبێ پێیانەوە. هەربۆیە تیشکێکی خێرامان خستوەتەسەر ژیانی ناوبراو و هەوڵمانداوە بە گەڕانەوە بۆ ژیانی ناوبراو، ئەو ڕۆحە ئاڤانتگاردە ئاشکرا بکەین.

سنوری کاری توێژینەوەکەشمان، دو لە دیوانە شیعرییەکەیانی هەندرێن؛ یەکەمیان بە ناوی (تەوتەمی شوێنەکان؛ تەمیانی باڵەکان) ە. ئەم دیوانە لە کۆمەڵە شیعرێک پێکدێت، کە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٩– ٢٠٠٨ نوسراون و لە ساڵی ٢٠٠٩ لە چاپدراوە؛ دیوانی دوەمیش بە ناوی (سکاندیناڤیا: دورگەیەکی تر لە بخور)ە. ئەمەش کۆ شیعرێکە هەر لە ساڵانی ١٩٩٥ – ١٩٩٧، نوسراون و هەندێ لە شیعرەکان مێژوی نوسینیان لەسەر نییە؛ چاپی دوەمی لە ساڵی ٢٠١٨یە، کە ئێمە چاپی دوەممان وەرگرتوە.

## تەوەری یەکەم

## ئاڤانتگارد (چەمک و پێناسە):

کاروانی هونەر و ئەدەب بەردەوامە لە ڕێکردن و گۆڕاندا، بەتایبەت لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەبینین کۆمەڵێکی زۆر لە قوتابخانە و بزاڤە نوێخوازەکانی ئەدەبی و هونەری دێنە مەیدان، کە هەر یەکەیان لە ئەنجامی هەڵومەرج و بەرەنگاری دۆخێک هاتونەتە بون. ئەو چەمک و تیۆرەی ئێمەش دەمانەوێت لەسەری بدوێین و ڕونیبکەینەوە، تیۆرێکی نوێ و سەردەمییانەیە؛ بریتییە لە درێژەپێدەری بزاڤە نوێگەرییەکانی ڕۆژئاوا، چەمکێکە ڕەهەندێکی ئاڵۆز و لەهەمانکاتدا پڕمانای هەیە، لەدایکبوی هزری بزاڤە مۆدێرنەکانە؛ ئەویش (ئاڤانتگاردیزم)ە. دەبینین لەم دواییانەدا ئاڤانتگارد لەسەر تابلۆی ڕێکلامەکانی مۆدێلی فاشیۆن و مۆسیقا و ئامێری تەکنەلۆژی و

چەک و بیناسازی و ئەندازیاری و هتد...، زوزو دەبینرێت، گشت بوارەکان ئەم زاراوەیان هاوبەش کردوە و (ئاڤانتگارد) وەک وەسفێکی نایاب و نمونەی باشی براندەکانیان پیشان دەدەن،(Cottington, 2013:15). دیسان وەک زۆربەی زاراوە ئەدەبی و هونەرییەکانی تری ناو دونیای ئەدەبی و ڕۆشنبیریمان، ئەم دەستەواژەیەش لە ڕۆژئاواوە پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵات.

زاراوەکە لە بنەڕەتدا فەرەنسییە؛ سەرەتای ڕیشەی ئەم زاراوەیە بۆ سەدەی حەڤدەم دەگەڕێتەوە لە فەرەنسادا و، زاراوەکەش لە بواری سەربازیدا بەکارهاتوە. "ئەسڵی وشەی ئاڤانتگارد لە وشەی (advance guard)ی فەرەنسییەوە هاتوە" (محەمەد ،٢٠٢١:١١). بە (ئاڤانگاردیسم)یش گۆدەکرێت لە زمانی فەرەنسیدا؛ مەبەست لێی ئەو گروپ و دەستە سەربازییە بچوکانەن کە لە پێشەوەی لەشکری گەورەدا دەڕۆیشتن و ڕێیاندەکردنەوە و کەشفیان دەکرد."بە کورتی چەمکی ئاڤانتگارد لە بنەڕەتدا وشەیەکی دوانەیە (لێکدراوە) و دەچێتە سەر وشەی (ئاڤانت)ی فەرەنسی، کە بە واتای بەرانبەر یا پێشتر دەگەیێنێت، (گارد)یش مانای پاسەوان دەگەیێنێت، کە لە بنەڕەتدا چەمکێکی سەربازی بوە"(هەندرێن، ٢٠١٠: ٤٣-٤٤). ئەگەرچی لە زمانی کوردیدا وشەکە واتا و تێگەیشتنێکی ڕون و ئاشکرا و پڕ بە پێستی خۆی نییە، بەڵام نوسەران و ڕۆشنبیرانی کوردیش هەریەکە و بە شێوەیەک ناویان هێناوە، هەندێجار وشەی (پێشڕەو) یان بۆ بەکارهێناوە و هەندێجاریش وشەی (پێشەنگ) و یاخود هەر بەهەمان شێوەی گۆکردنی وشەکە لە زمانی فەرەنسیدا هەر بە (ئاڤانگاردیزم) بەکاریدەهێنن. بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردیدا، زیاتر وشەی (پێشڕەو) و (ئاڤانتگاردیزم) بەکارهاتوە بە بەراورد لەگەڵ زاراوەی (پێشەنگ).

لە ڕاستیدا، جیاوازی هەیە لە مانای ئەم چەمکە بەپێی گۆڕانی مێژوی سەردەمەکان؛ واتە ئەگەر بەر لە سەدەی نۆزدەهەم بەراورد بکەین لەگەڵ دوای سەدەی نۆزدەهەم، ئەم چەمکە واتای جیاوازی هەیە، "لە سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەکە تا سەدەی نۆزدەهەم زاراوەی ئاڤانتگارد لە جەنگدا بەکارهاتوە بۆ وەسفکردنی ئەو سەربازانەی لە ڕیزی پێشەوە بون و لە مەیدانی جەنگدا پێشڕەویان دەکرد"،(Kramer, 1973:38). لە هەمانکاتدا زاراوەکە بۆ ئەو ڕەوتە چەپڕەوە سیاسییانە بەکاردەهێنرا، کە خوازیاری چاکسازی سیاسی بون؛ ئەوانیش لە ژێر کاریگەری فەیلەسوفی فەرەنسی (سان سایمۆن)ەوە ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە؛ هەربۆیە زۆربەی شارەزایان و ڕەخنەگرانی ئەدەبی باوەڕیان وایە، کە لە سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە، پەیوەندی لەگەڵ هونەر و ئەدەب و کەلتوردا دروستکرد و چوارچێوە دەلالییەکانی ئەدەب و هونەریشی گرتەوە؛ هەروەها بیروبۆچونەکان لەسەر ئەوە ڕێکن کە "یەکەم بەکارهێنانی ئاڤانتگارد وەک دەستەواژەیەکی ڕۆشنبیری دەگەڕێتەوە بۆ تیۆردارێژەری کۆمەڵایەتیی فەرەنسی (سان سایمۆن)، لە پەرتوکەکەیدا بە ناوی ((opnions literaires, philosophiqusst endustrielles)). واتە (بیرورا ئەدەبی و فەلسەفی و پیشەسازییەکان)، لە ساڵی ١٨٢٥ دا، کە ساڵی کۆچی دوایی نوسەرەکەیە، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. سایمۆن، بەمشێوەیە ئاماژەی بە هونەرمەندان کردوە لە پەرتوکەکەیدا و،

دەڵێت "ئەوە هونەرمەندەکانن کە لە داهاتودا وەکو ئاڤانتگارد خزمەتی جڤاک دەکەن و هێزی هونەرمەندان ڕاستەوخۆترین و خێراترین هێزە کاتێک دەمانەوێت بیرۆکەکان لەناو خەڵکیدا بڵاوبکەینەوە، هەروەها هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان هێزێکی ئەرێنی و کاریگەر بەسەر کۆمەڵگادا بڵاوبکەنەوە بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و هتد.."، (Joshi, 2020:2). کەوایە (هێنری دی سان سیمۆن) یەکەم کەس بوە کە وشەی ئاڤانتگاردی لە ڕەهەندێکی سەربازییەوە پەلکێشی نێو کایە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان، کردوە. هەروەها (سان سیمۆن) بە یەکەم کەس دادەنرێت کە پەتی نێوبەندی تاک و نەریتخوازی پساند؛ هەروەک دەگوترێت کە "ئەگەر هەوڵەکانی سایمۆن نەبوایە نەریتخوازی بەبەهاترین دروشمی مرۆڤ دەبون و مرۆڤ گیرۆدەی بەهاکانی ئایین دەبو"، (سایمۆن، ٢٠١٧ :٤١)١. بەم هۆیەشەوە و بە سەرنجدان لە ڕاو بۆچونەکانی سایمۆن و جۆری تێڕوانینی بۆ ئاڤانتگارد، ئەمجارە وەک چەمکێک بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهات کە بە دژی هونەر و کەلتور و بابەتە باوە ئێستاتیکییە ئەدەبییە کۆنەکان دەوەستانەوە؛ هەربۆیە "چەمکی ئاڤانتگارد تایبەت بو بەو دەستەیە لە هونەرمەندان، کە کارەکانییان لە خزمەت بزاوت و گەشەسەندنی هونەری نوێدا بون و پێشڕەویان دەکرد و، پێیان دەگوترا هونەرمەندی ئاڤانتگاردیزم یان ئاڤانتگاردەکان"، (https://twanahama.blogspot.com/2016/12/1.html?m=1) کەوایە لە پێناوی هەستکردنی ڕەخنەگران و نوسەرانی ئەدەبی، بەوەی کە گرنگی و بایەخی ئەدەبی بۆ بگەڕێنرێتەوە، ئەوا پێویستیان بە بزوتنەوەیەکی ئاڤانتگاردییە.

زاراوەی ئاڤانتگارد لەژێر کاریگەری (سان سایمۆن) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە نێو کایە هونەری و ڕۆشنبیرییەکاندا جێی خۆی کردوەتەوە. هەر لە دوای سەدەی نۆزدەهەمدا ئاڤانتگارد وەک خوازەیەک (میتافۆرێک) بۆ ئەو هزرمەند و شاعیر و نوسەرانە بەکاردەهێنرا، کە ڕوبەڕوی کەلتوری باوی کۆمەڵگا و هونەری لە قاڵبدراو دەوەستانەوە و، گوێیان بە شەڕی کۆمەڵگا بە دژیان نەدەدا و، لە هەوڵی یاخیبونی جەماوەریدا بون بۆ خولْقاندنی گۆڕانێکی ڕیشەیی دژ بە کەلتور و، دواجاریش سەرکێشیکردن لە بنەما باوەکانی جڤاک و هونەر؛ بەمەش کۆمەڵی ڕەوت و بزاڤی ئەدەبی شۆڕشگێڕی سەریان هەڵدا و هەریەکە و بە دژی ئەدەبیاتی سەردەمی خۆی و پێش خۆی دەوەستانەوە و، جیاوازتر دەردەکەوتن و، لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانییان "لە کارە هونەرییەکاندا شێواز و چەمکی وایان بەکاردەهێنا، کە لەپێش سەردەمی خۆیان بون و بەهۆی داهێنانە نوێیەکانیان، بەرەنگاری نۆرمە هونەرییە باوەکانی جڤاک دەبونەوە "،(https://rezasadeghi.net/avant-garde-art).

لە ڕوانگەی (ئەدۆرنۆ)٢ وە ئاڤانتگارد "هونەری بەرهەڵستییە، هونەری هەڵوێست گرتن و بەرپەرچدانەوەیە؛ بە گشتی ناڕەزایەتییەکی ڕیشەیی هەیە و لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا قایل بە هیچ ئاشتی و هیچ جۆرە ڕێکەوتنێک نییە؛ هەروەها پێیوایە بزوتنەوەگەلی ئەدەبی و هونەری ئاڤانتگارد، بریتییە لە هێرشکردنە سەر پێگەی هونەری سیستەمی بۆرژوازی و هاوکات دژکردەوەیەکیش بو بۆی".(Strydom, 1984:31). بێگومان ئاڤانتگارد هەڵوێست بەرامبەر بەو دیاردە ناشرینانەی کۆمەڵگا وەردەگرێت و دژیان دەوەستێتەوە، چونکە پێیوایە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵ لە

ڕێگەی کۆمەڵی بیرۆکەی سەپێنراوی ئاشکرا و نهێنیی داڕێژەرانی کەلتور و ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی و دەسەڵاتدارەکانە، کە هەمو ئەمانە کاریگەری نەرێنییان لەسەر تاک دروستکردوە و ژیانیانی شێواندوە و داهاتوشیان لێڵ و نادیارە؛ وایکردوە دوربن لە هەمو جوڵە و هەنگاوەکانی پێشکەوتن؛ بە تایبەت ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی دەیەوێت بە شێوەیەک سیستەم دابڕێژێت، کە هەرچی هونەر و ناهونەرە یاخود هەرچی ئەدەبی و نائەدەبییە لە ڕوانگەی خۆیەوە بنەمای بۆ دابنێت. بەکورتی، دارودەستەکانی سیستەمی بۆرژوازی و دەسەڵات، دەیانەوێ هەر ئەوان داڕێژەر و سەرچاوە بن و ئەوانیش سیستەمێک دابنێن بۆ ئەوەی چییەتی ئەدەب و هونەر پێناسە بکەن؛ هەربۆیەش زۆر بە توندی ئاڤانتگارد بە دژی ئەم سیستەمە دەوەستێتەوە. لەم دو بۆچونە دژبەیەکەدا، ئەدۆرنۆ توانی بناغەیەکی پتەو بۆ ئەم تیۆرە دابڕێژێت و لەدوای ئەویشدا لایەنگری زۆری بۆچونەکەی پەیدا بون؛ دواتریش توێژینەوەی زۆر لەسەر بۆجونەکانی ئودۆرنۆ و لەسەر چەمکەکە کرا. لە ڕاستیدا، دەتوانرێ هونەری ئاڤانتگاردیزم بە بزوتنەوەیەکی هونەری بەگشتی و پچڕانێکی مێژویی گەورە لەگەڵ ونەریتەکانی ڕابردو دابنرێت، کە تێیدا هونەرمەند هەوڵدەدات داهێنەری وێرانکەر دروستبکات و، لەهەمانکاتدا نەریتە پەسندکراوە گشتییەکان لە هونەردا تێکدەدات.

(پیتەر بێرگەر) کە یەکێکی دیکەیە لە تیۆرداڕێژەر و شیکەرەوەکانی ئاڤانتگارد، ڕیشەی مێژویی ئاڤانتگاردی خستوەتەڕو؛ لە دیدی بێرگەرەوە ئاڤانتگارد ئەو کەسەیە کە هەمیشە ڕەخنەگرانە بڕوانێت نەک خۆی قوتابخانە بسازێنێ، واتە نەهی شتەکان بکات، هەرچەندە نەشتوانێت ئەوە بەجێ بگەیێنێت؛ هەروەها ئەزمونی هونەرمەندانی ئاڤانتگارد لە دەوری خۆیاندا دەبێتە دەستپێشخەری و ڕێبەری و ڕێنوێنی بۆ هونەرمەندانی دوای خۆیان.(حەمە، ٢٠١٩:١١٨). ئەم پێناسەیە دو تایبەتمەندی هەیە، یەکەمیان نەبونی هیچ بنەمایەکی پەیوەست بە دانانی تیۆر و قوتابخانەیەک، دوەمیان، هونەرمەندی ئاڤانتگارد پێشڕەوە بۆ ئەوانەشی کە لە دوای دێن و دەبێت بە ئەزمون و پێی کاریگەر دەبن، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ ئەو مەبەستە کارناکات؛ بەڵکو سروشتی هونەرمەندی ئاڤانتگارد وایە جیاواز بیردەکاتەوە و دەنوسێت بۆ ئەوەی شتێکی نوێتر باس بکات و بهێنێتە بون. واتە ئامانجیەتی داهێنان بکات؛ هەروەها بێرگەر پێیوایە "چەندی هونەرمەند ئازادانە کار بکات، زیاتر ئاشنا و هەستەوەر دەبێت بە کارەکە و بەرهەمەکەی خۆی، چونکە ئەگەر وانەبێ ڕەنگە بەرهەمەکەی بەباشی نەتوانرێ لەلایەن ڕەخنەی ئاڤانتگاردیزمەوە پێشوازی لێبکرێت"،(Burger, 1984:57). بەمەش دوردەکەوێتەوە لە مۆرک و نیشانەکانی ئاڤانتگارد و بە ئاڤانتگارد لە قەڵەم نادرێت. لەم پێناسەیەدا دیارە، کە ئاڤانتگارد کەسانی خاوەن ئەزمونن لە بواری بار و گوزەران و کەلتوری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خۆیان؛ هەربۆیەش خۆی دەزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ خولقاندنی بەرهەمێکی خاوەن بیرۆکە و بنەما و تەکنیکی نوێ بکات.

هەندێکی تر لە شارەزایانی ئەدەبی وەک ڕیفۆرم و سازان دەڕواننە چەمکی ئاڤانتگارد، "ئاڤانتگارد: سازانێکی بەهێزە کە توانی بە تەواوی نیشانەکان و جەنگەکانی کەلتورەکان لەگەڵ نوێخوازیدا کپ بکاتەوە و بسڕێتەوە و گۆڕانێکی

سەرسوڕهێنەر دروستبکات لە کۆمەڵدا"،(https://www.theartstory.org/definition/avant-garde )، هەمیشە وا دەبینێت کە جڤاک پێویستی بە گۆڕان و سازان هەیە، بۆیە ئاڤانتگاردزیم چاکسازییەکی کەلتوری و کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدات و تەواوی یاسا و بنەما تەقلیدییەکانی کەلتورەکان لەناو دەبات و گۆڕانکاری سەیر و سەمەرە لە جڤاکدا دروست دەکات؛ هەرچی لە کەلتوردا باو و بەنرخ و پیرۆزە، ئاڤانتگاردیستەکان سەراوژێری دەکەن و ئاسەوارەکانیشی دەسڕنەوە. هەربۆیەش هەندێکی دیکە لە شارەزایانی ئەدەبی، ئاڤانتگارد پەیوەست دەکەن بە دەرچون لە لایەنی کەلتوری کۆمەڵایەتی، بەو ڕاڤەیەی کە "ئاڤانتگارد ئەو هونەرمەندانە دەگرێتەوە کە نوێنەرایەتی دەرچون دەکەن لە سنورەکانی ستانداردی کۆمەڵایەتی یان بارودۆخ، بە تایبەتی کەلتوری جڤاکی"(محەمەد، ٢٠٢١:١٨). واتە ئاڤانتگارد ناکۆکی لەگەڵ شێوازی نەریتی و کەلتوری جڤاک هەیە، بۆیە هەڵوێست وەردەگرێ و هەمیشە دژی نەریتە باوەکان شەڕدەکات و شۆڕش بەرپا دەکات تاوەکو بتوانێت لەو بازنە خنکێنەرەدا قوتاری ببێت، هەوڵی گۆڕانی ڕیشەیی دەدات هەروەها زۆر جار بۆ ناساندنی ئاڤانتگارد پشت بە کات دەبەستن، هەروەک دەڵێن: "ئاڤانتگارد بەو کەس و شێواز و کارە دەوترێت، کە زیاتر لە دەرەوەی چرکەساتی ئێستای کۆمەڵگەیە، لە هەمان کاتدا هەمیشە هونەرمەندان و نوسەرانی ئاڤانتگارد بە تێکدەر دادەنرێن، چونکە لە سەردەمی ئێستادا شوێن چرکە ساتەکانی کۆمەڵگە ناکەون و کلێشە دوبارە بوەکان لادەبەن" (https://raznaak.com)، بێگومان ئاڤانتگاردەکان بەوە جیادەکرێنەوە کە بیرکردنەوەکانیان و ئاگایی و هۆشیاری زانینیان هەمیشە چەند هەنگاوێک لە بیرکردنەوە و زانینی کەسانی سەردەمەکەی خۆیان لە پێشترە، پلان بۆ داهاتوش دادەنێن و بە ئاوڕدانەوە لە ڕوداوەکانی ڕابردو و پێشبینی و پلان بۆ داهاتو دادەنێن، یاخین بەرامبەر بە کۆمەڵ و تەواوی ئەو سیستەمەی کە کۆمەڵ لە ئێستا و کۆندا بەڕێوەدەبەن، لەگەڵ ئەمەشدا چەمکەکە لەگەڵ سەردەم ڕێ دەکات و بەپێی سەردەمی جیاواز خۆی ئەپدەیت دەکاتەوە و بە ڤێرژنی نوێترەوە دێتە مەیدان، "کەواتە بەهای ئەم چەمکە لەوەدا چڕدەبێتەوە کە هەڵگری ڕەهەندێکی بێ کۆتاییە و هونەر و هونەرمەند و شیعر و شاعیر؛ ئەفراندن و ئەفرێنەر تاکو هەمیشە ژیانێکی نوێ بە ئەفراندن ببەخشێ و ئەرکی ئەوەیە هەمیشە لە شۆڕشێکی بەردەوام دابێ"، (هەندرێن، ٢٠١٠: ٤٤).

بە سەرنجدان لەو ڕوانگە جیاوازانەی کە خستماننەڕو، دەتوانین بڵێین، ئاڤانتگارد هەمو ئەو هونەرمەند و نوسەر و ڕەخنەگر و کەسە یاخی و گۆڕانخوازانە دەگرێتەوە کە هەمیشە بە ڕوانین و بیرکردنەوە لە داهاتودا، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان شتێکی نوێ بخوڵقێنن کە دوربێت لە چاولێکەری ڕابردو، واتە جۆرە چالاکییەک یان پسپۆرییەکە، کە هەمیشە لەڕێزی پێشەوەیە، سەرکردەیە لە بواری خۆیدا و زیاتر کاردەکات بۆ بەرەوپێشبردنی بوارەکەی و فراوانکردنی، هەروەها دورە لە مەبەست و نیازی پیشەسازی و پارە پەیداکردن لە پەنای ئەدەب و هونەر و جەماوەر، بەپێچەوانەوە! بەڵکو لە پێناو داهێنان و جوانی خوڵقاندن و پاراستنی بەهای ئەدەب و هونەر؛ هەروەها گرنگی ئەم چەمکە لەوەدا کۆدەبێتەوە کە هەمیشە لە هەوڵی پێشکەوتنی خەڵکی گشتی دایە بۆ تێگەیشتنیان لە چەمک و بیرۆکە نوێیەکان و تەکنیکەکان، کە چیتر نەتوانن لەسەر ئەژماری خەڵکی گشتی کاربکەن.

## تایبەتمەندییەکانی ئاڤانتگارد

سەرەڕای باسکردنی ئەوەی کە چوارچێوەی سنور و مانای ئاڤانتگارد چییە، بۆیە لێرەدا پێویست دەکات ئەوەش بزانین، کە چ شتێک وادەکات ئاڤانتگارد بین و بە چ تایبەتمەندییەک ئەم تیۆرە دەناسرێتەوە؟ چۆن کەسێک دەبێت بە ئاڤانتگارد؟ تەنیا بە ڕێچکە شکاندن و یاخیبون و شۆڕش؟ یاخود بەهۆی هزرە نوێ و داهێنەرەکانیان؟ یا بە جیاوازی لە ئایدۆلۆژیای کەلتور و سەردەم؟ هونەرمەند تەنیا بە شکاندنی یاسا نەریتییە زاڵەکان دەتوانێت ببێت بە ئاڤانتگارد؟ ئایا ناکۆکبون لەگەڵ جڤاکدا بە تەنیا بەسە بۆ بون بە ئاڤانتگارد؟ یاخود تەنیا بە پشتکردن لە ڕابردو و بیرکردنەوە لە داهاتو؟ هەمو ئەمانە و چەندان پرسیاری دیکە هەن لە مێشکی خوێنەراندا دەخولێنەوە سەبارەت بە ناسینەوەی تایبەتمەندیەکانی ئەم چەمکە. بێگومان ئەوەی لە پێناسە و مانای چەمکەکە دەستمان کەوت، هەر هونەرێک پێشکەوتوتر و جیاوازتر بێت لە بەرهەمەکانی سەردەمی خۆی لە گشت ڕویەکەوە، هەروەها پەیڕەوی سیستەم و بیرۆکەی گشتی و تەقلیدی نەکات، ئەوا دەتوانرێت جێگەی خۆی لەنێو بازنەی ئاڤانتگاردیزم دا بکاتەوە؛ بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین سەرنج لە کۆمەڵێ خاڵی گرنگ بدەین کە وەک بنەما و تایبەتمەندییەک بن بۆ نوسەری ئاڤانتگارد.

١- داهێنەر: خاڵی سەرەکی لە تایبەتمەندی ئاڤانتگاردەکان، بریتییە لە دەستبردنی هونەرمەندان بۆ شتێک کە پێشتر نەبوە؛ بەو مانایەی کە شتێک دەهێنێتە بون لە پێشتردا نەکراوە، "هونەری ئاڤانتگارد هەوڵی ئەوە دەدات کە نەوەیەکی هونەری یەک لە دوای یەک دروستبکات، نەوەیەک زۆر سەختتر و دورەپەرێزتر لە کاردانەوەی جوڵانەوەکانی پێشوتر"،(مێنێرڤا، ٢٠٢١:٢٠). ئەمەش دیسان ئەوە دەگەیێنێت کە هونەرمەندی ئاڤانتگارد قەت هەوڵنادات لاسایی ئەوانی پێش خۆی بکاتەوە، بەڵکو ئەزمونی ژیانی خۆی وای لێدەکات پەیڕەوی دونیابینییەکی تایبەت بەخۆی بکات و بە ڕێگایەکی دروستکراوی خۆی هەنگاو بنێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە سیستەم و قاڵبی پێشینانی تێکدەشکێنێت، چونکە بەلایەوە هەرچی کۆنە وەک ماددەی بەسەرچو وایە. بۆیە پێویستە واز لە تەوەرە کۆنەکان بهێنرێت کە هیچ وەڵامێکی بۆ پرسە ئێستاییەکان نییە و بە کەڵکی سەردەمی نوێی خۆی نایەت؛ لەهەمان کاتیشدا دەبێت بەردەوام بێت لە داهێنانی جوڵەی یەک لە دوای یەکی خێرا و جیاواز لەیەکتر، واتە بەردەوام دەستکاری وێنە و هێماکان بکرێت کە وەڵامی ئەو پێشکەوتنەی سەردەمی خۆی بداتەوە و بۆی شیاوتر بێت، لەچاو هەمو ڕێبازەکانی دیکە کە پەیڕەو دەکرێن.

٢- لای ئاڤانتگاردیستەکان هزر و ئایدۆلۆژیا بەڕێوەبەری کۆمەڵگان: بەو مانایەی سەرخانی کۆمەڵ ئاڕاستەی ژێرخانی کۆمەڵ هەڵدەسوڕێنێت، لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبی و کارە هونەرییەکانی سەردەمانی جیاوازدا، سەرخان و ژێرخان پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لە نێوانیان دا هەیە، بەڵام لەم بزاڤە ئەدەبییەدا "بیرکردنەوە پێش زەمەن و ڕۆژگار دەکەوێت و ئایدیا دەتوانێت وەک یەکێک لە ڕێنیشاندەری سەرجەمی کۆمەڵگا لەناو بوار و مەیدانی کولتوریدا

دەربکەویت"، (مێنێرڤا،٢٠٢١ :٩). ڕەخنەگر و نوسەرە ڕادیکاڵەکان لە هەوڵی ئاگادارکردن و ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵ دەبن تاوەکو نەبن بە قوربانی دەستی هونەرە پیشەسازییەکان، چونکە هەمیشە کۆنەخوازان و سیستەمە دکتاتۆری و فیۆداڵی و نەریتخوازەکان، لە ڕێگەی بیرۆکەی نهێنییەوە لە هەوڵی فریودانی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵن، بەڵام ئاگایی ئاڤانتگاردیزم هەمیشە لە هەوڵی کەشفکردنی ئەو دیوە شاراوەی خەتەرناکن و لە ڕێگەی بیرۆکە و بەرهەمەکانییان دەرگای ئاگایی بە ڕوی جەماوەری گشتی دەکەنەوە.

٣-بارگاوییبونی ئایدۆلۆژی: واتە پەیڕەوکردنی جۆرێک ئایدۆلۆژی تایبەت بەخۆی و جیاواز لە ئایدۆلۆژیای گشتی، بێرگەر لە شیکردنەوەی تیۆری ئاڤانتگارد دا ئەوە ڕون دەکاتەوە کە ئاڤانتگاردەکان سیستەمێکی جیاوازیان پەیڕەودەکرد، سیستەمەکە نە بەشێک بو لە بۆرژوازی و نە لە دامەزراو و کۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمە، دەبینین ئاڤانتگاردەکان هەمیشە بێلایەنن، وا بیردەکەنەوە تا زیاتر ئازادانە کار بکەن و ئازادانە بیر بکەنەوە ئەوا زیاتر بە کارەکانیان هەستەوەر دەبن و ئامادەیی ئەزمونێکی نوێتری هونەرییان تێدا بەرجەستە دەبێت، دیگۆ ڕیڤێرا و ئەندرێ بریتۆن لە بەیاننامەی(مانیفێست) سوریالیزم دا کە بڵاوییان کردەوە لە ٢٥ی تەممووزی ١٩٣٨ دا بە نوسینی (بەرەو هونەری شۆڕشگێڕانە) گۆڤاری partisan review یان دەرکرد، گوتیان"سەربەخۆی بۆ هونەر لە پێناو شۆڕشدا و شۆڕشیش لە پێناو ئازادیی تەواوی هونەر"، (مێنێرڤا،٢٠٢١: ٦٠). چونکە کاتێ نوسەر ناچار دەبێت پەیڕەوی سیستمێکی ئایدۆلۆژی بکات، لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە ڕەنگرێژکردنی ئەو سیستەمە لەنێو بەرهەمی خۆیدا دەمبەستراو دەبێت و بیرکردنەوەشی لە بازنەیەکی تەسک زیاتر بڕ ناکات، ئەمەش کۆستێکی گەورە دەبێت لەبەردەم داهێنان و بەرەوپێشچونی شاعیر.

٤-یاخیبون: یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی ئاڤانتگاردیستەکان بریتییە لە هەبونی دۆخێکی دەرونی پەست و بێزار و پاڵنانی بۆتوڕەبون و هێرشکردنە سەر هەمو ئەو شتانەی کە پێشتر بەرهەمهێنراون و بەسەرچون تاوەکو فڕێی بدەن و تێکبدەن و بە جدی تەحەدای هەمو شتێک دەکەن، لەهەمانکاتدا داوای شتێک دەکەن کە ڕەسەن و گونجاو بێت بۆ بەرژەوەنی تاکەکان، ئاڤانتگاردیستەکان هەمیشە چاوێکی ڕەخنەگرانەیان هەیە بەرامبەر کەلتوری جڤاک و ئایدۆلۆژیا و ڕەفتاری تاک و ڕادیکاڵانە بۆ مەبەستەکانییان تێدەکۆشن، بۆیە بە دژی گشت ئەو پیرۆزییانەی بە ناوی ئایین و کەلتوری گشتی دەوەستێتەوە و هەوڵی سەرەوژێرکردن و گۆڕینیشیان دەدات، چونکە هەمیشە کۆنەپەرست و دەسەڵات لە پەنای پیرۆزی کەلتور و ئایین هەوڵی بەهێزکردن و مانەوەی خۆیان دەدەن، بۆیە ئاڤانتگاردیستەکان بە توندی بەرپەرچی ئەمە دەدەنەوە، بێرگەر لەسەر ئەمە دەڵێت: "تیۆرەکان باس لەوە ناکەن کە ئێستا چەمکێکمان نەدەبو بە ناوی ئاڤانتگارد ئەگەر هونەرمەندانی ئەو کاتە شێوازی کارکردنیان نەگۆڕیبایە و جۆرێک لە ڕادیکاڵیان تێدا هەبو ئەویش ئەوەبو کە ئەمان ئازاد بون لەوەی پشتگیری لە لایەنێکی دیاریکراو و ئایدۆلۆژیەکی دیایکراو بکەن". (مێنێرڤا،٢٠٢١:١٥). ئاڤانتگاردەکان زۆر ڕادیکاڵانە ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بو

شۆڕشیان لە پێناو دا دەکرد و کەسانی سەرکێش بون، هەروەها جەختیان لە تیشک خستنەسەر ئازادی بیروڕای نوسەر لە داهێناندا و لە شێوە و لایەنەکانی تەکنیک و ئێستاتیکی هونەریشدا.

یاخیبون هەنگاوێکی شۆڕشگێڕیە، مەبەستمان لەوە نییە چەک هەڵگری بە دژی داگیرکەران و لەپێناو پاراستنی وڵات، بەڵکو لێرەدا یاخیبون سیفات و مەرجی ئاڤانتگاردیستییە بۆ تێکشکان و ڕماندنی نەریت و کۆمەڵگا و ئاوەڵاکردنەوەی بیرکردنەوەیەکی نوێ و دونیایەکی نوێ لەسەر خودوشیاری، کرانەوەی فۆڕم و بیرکردنەوەیکی نوێ لەبەردەم خەڵکدا، ئەرکی ئاڤانتگاردیزمەکان بریتییە لە داکۆکیکردن لە مافی تاکەکان و پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکان، شۆڕش بەرپا دەکات تاوەکو بتوانێت مافی چینی ئاسایی دەستەبەر بکات لە سەروی هەموی ئازادی تاک، لە تیۆریەکەیدا ئاماژەمان بەوەکرد کە هونەرمەندی ئاڤانتگارد بەردەوامە لە شۆڕشگێڕی… هەمیشە یاخییە لە تاک، جڤاک، سیستەم، دەسهەڵات، ئایدۆلۆژیا، بازاڕ و هەمو شتێکی تر، کۆمەڵناسێکی شارەزای ژینگەی خۆیەتی، وێنەی پشت ڕوداوەکان کەشف دەکات و باک و ترسی نییە لە هیچ کەسێک و شتێک، هونەرمەندی ئاڤانتگارد هەمیشە وشیار و ئاگادارە لە هەر هەنگاوێکی سیستەمی کۆنەپارێز و هێزی کۆنەپارێز کە خەریکە بە چەندین شێوە و بەرنامەی نهێنی و تەڵەکە و بیرۆکەی فێڵاوی کە هەوڵی دوبارەکردنەوە و پاراستنی خۆی دایە، بەشێوەیەک ئاگاداری هەمو ئەو کەسانەشە کە خۆیان بە نوێخواز دەناسێنن و کەچی ستونی گەورەی کۆنەپارێزەکانن، بۆیە شاعیری ئاڤانتگارد و هونەرمەندی ئاڤانتگارد لە ڕێگەی بەرهەم و ڕەخنەکانیانەوە هەرو زو ئەو فێڵ و تەڵەکانە کەشف دەکەن و نیشانی جەماوەری فریودراو دەدەن.

٥-نامۆ و سەرگەردان: تایبەتمەندییەکی دیکەی دیاری هونەرمەندی ئاڤانتگارد ئەوەیە کە زۆر نامۆیە، بەو مانایەی نا کە هیچ بەرکەوتەیەکی لەگەڵ کۆمەڵدا نەبێت، بە مانای ئەوەی دور و نامۆیە بە ناوبانگی هونەری، چونکە لایەن زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگە دژی دەوەستن و ڕەتی دەکەنەوە، ئاڤانتگاردیزم گشت پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی چاکە و باشی نوسەر یا بارهەمێکی ئەدەبی ڕەتدەکاتەوە بەو پێوەرانەی کە هەندێ گروپ و ڕێکخراو و دەزگا دایاننابو گەر بەرهەمێکی ئەدەبی یا هونەری پڕفرۆشترین بەرهەم بێت، ئەوا ئەو بەرهەمە باشترینە، بە پێچەوانەوە ئاڤانتگاردیزمەکان گومان لەو جۆرە نوسەرانە دەکەن و ڕەخنەی توندیان ئاڕاستە دەکەن، چونکە بەلایانەوە ئەمانە جۆرە نوسەرێکبون بە دوای خواستی کۆمەڵدا گەڕاون و بەرهەمێیک کە خوازیاری جەماوەر بوە بەرهەمیانهێناوە، بۆ ئەوەی لە پەنای هونەردا سود و قازانجێکی ماددی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، بەمشێوەیە ئاڤانتگاردیستەکان خۆبەزلزانی و بازرگانیکردن بە ئەدەب و هونەر و کۆمەڵگای وەلانا، بەمەش بگرە نەیاری و ناحەزی زیاترە بو لە پاڵپشتەکانی، بە تایبەت لە چینی ڕۆشنبیران و نوسەران، "هەر بۆیەش دەبینین هەردەم هونەرمەندەکانی ئەم بزاڤە لە دەرەوەی کەلتوری جەماوەریی هونەرییە، بە دورە لە ڕیسواکردنی چینی ناوەڕاست و ئەو سەرچاوانەی بۆ کەڵک وەرگرتن بەکاری دەهێنن"، (مینێرڤا، ٢٠٢١: ١٥-١٦).وەک گوتمان بەدوای ئەوەدا ناگەڕێن کە وەک کاڵایەک سەیری چینی ناوەڕاست بکەن و سودی لێ وەربگرن بە نوسینی بابەت و شێوازی دڵخوازی ئەوان، بەڵکو ئەو بە

دژی کۆمەڵ و بابەتی باو و کەلتوری سەردەم دەنوسن، هەروەها بەلایانەوە گرنگ نییە کە چەند خەڵک بابەتەکانیانی لا پەسند دەبێت یاخود بە پێچەوانەوە، ئایا پلە و پۆست و ناوبانگ پەیدادەکات یان نا، بە یەکڕوی مەبەستەکەیان دەردەبڕن، بێ ئەوەی هەوڵبدەن نمایشێک یاخود فێڵێک لەپاش بەرهەمەکانیاندا بشارنەوە، ئەوەی بەلایەوە گرنگە جەماوەر ڕوبەڕوی ڕاستییەکی نەخوازراو بکەنەوە.

هەمو ئەم تایبەتمەندییانە پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. کەسێک کە یاخی بێ، دژی هەمو نۆرم و بەهاکان دەوەستێتەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرگەردان دەبێ، چونکە لە هیچ شوێنێک هەست بە ئاسودەیی و سوکنایی ناکات و بە پێچەوانەوە، دیاردە و دەرکەوتەکان، دژ بە خۆی دەبینێ. ئیتر لێرەوە بەهایەکی ئایدیۆلۆژی و هزری بۆ خۆی دروستدەکات و دواجار هەوڵدەدات بە داهێنان، هەم بونی خۆی بەرجەستە بکات و هەم ئەو دنیایە بەدیبێنێ، کە ئارەزو دەکات هەیبێ و هەبێ.

## تەوەری دوەم

## هەندرێن، یاخیبون وەک بەرجەستەکەری ڕۆحی ئاڤانتگارد

### یاخیبون

### یاخیبون لە ماڵ

تایبەتمەندی مێتۆدی ئەم تویژینەوەیە ئەوە دەخوازێ، کە ئاوڕ لە چەند لایەنێکی ژیانی هەندرێن بدەینەوە و بونی ئەم مرۆڤە و ئاڕاستەکانی داهێنان و هزرینی لەپێوەندی لەگەڵ سەردەمەکەی بخەینەڕو، چونکە کاتێک کە باس لە ئاڤانتگارد بون دەکەین، پێویستە ئەوە ڕونبکەینەوە کە بەرامبەر بە چی و لە ئەنجامی چییە. بە تایبەتی ئەگەر سەرنجی ئەو بایۆگرافیانەی سەبارەت بە ژیانی بکەین، ژیانێکی پڕ هەوراز و نشێو و ئاڵۆزی هەبوە.

ئەوەی هەیە دەربارەی ناسینی، تەنیا ناوەکەیەتی (هەندرێن)، "هەندرێن: کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە دەڤەری هەولێر لەدایکبوە، دوای نۆ ساڵ لە پێشمەرگایەتیی، لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە سوید دا ژیاوە، (هەندرێن،٢٠١٠: ٢٤١). سەرەتا ئەگەر هەر لە ناوەکەیەوە دەستپێبکەین، بۆمان دەردەکەوێ تایبەتمەندییەکی ئاڤانتگاردی لە ناوەکەیدا هەیە، بەوەی کە تەنیا ناوی خۆی دەنوسێ لەسەر بەرگی کتێبەکان و وتارەکانی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بە پێچەوانەی ئەو نەریتە باوەی کە لە نوسینی ناوی هەرکەسێکدا هەیە، کە ناوی باوک و باپیر یا شوێن و هۆزەکەی بەدوادا دێت.٣ بێگومان سەیرە بەلامانەوە، کە لەسەر بەرگی هەمو نوسین و وتار و کتێب و دیوانە شیعرییەکانیدا تەنیا ئاماژە بە ناوی خۆی دەکات؛ دەکرێ ئەمە خاڵێکی دیکەی ئەو ڕۆحە ئاڤانتگاردیستەی ئەو بێت. لە گەشتکردن بەناو دەقە شیعرییەکانیدا، دەتوانین هەندێ زانیاری نێو ژیانی ئەو شاعیرە هەڵێنجین. بە سەرنجدان و لێکدانەوەمان بۆ شێعرێکی

بە ناوی (هەندرێن) لە دیوانی (تەوتەمی شوێنەکان؛ تەمیانی باڵەکان)، توانیمان هەندێ لە لایەنی ژیانی شاعیر ئاشکرا بکەین. ئاشکرا کردنێک کە پەیوەستە بە یاخیبونی ڕۆحی ئەو نوسەرە لە هەڵدانەوە و خۆدانەپاڵی ناسنامە بنەماڵەیی و کۆمەلایەتییەکەی. لە سەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێت:

**لەناوەکەمدا: منداڵییەکی لەدایک نەبو، لێ بە گ...مە...**

**گەنجایەتییەکی گەمارۆ دراو، لێ بە**

**جمە؛ (هەندرێن،٢٠٠٩: ٦١).**

هەروەها شیعرێکی دیکە لە دیوانی (سکاندیناڤیا: دورگەیەکی تر لە بخوور) دا دەڵێت:

**گۆزەیەک لە ئاوی دەزگیرانی کاسییەکان پردەکەم و لەسەر ڕەفەی کتێبەکان دادەنێم، کە منداڵێتییە بێ بوکەشوشە و گریان بۆ کڕینی قەلەم ڕەنگەکەم بەیاد دێنێتەوە.** (هەندرێن، ٢٠١٨:١٢).

کاتێک کە سەیری ئەم شیعرانە دەکەین، هەست بە ئاخێکی قوڵ و نارەزایەتییەکی زۆر دەکەین. زۆر ئازادانە، بە رەخنەگرتن لەو ژینگە چەپێنەر و چوارچێوەدارە و پڕ لە مەحرومیەتە، هەستەکانی خۆی دەردەبڕێ. دەتوانین بڵێین شاعیر سەردەمێکی منالی زۆر ناخۆشی هەبوە، ئەوەتا بە جۆرێک باسدەکات کە هەرگیز وەک منالێک نەژیاوە کە لە ناز و خۆشیدا ژیابێت، بۆیەش پێی وایە هەرگیز وەک منالێکی ئاسایی نەژیاوە، بە پێچەوانەوە زۆر بێ ناز و بێ بەهرە بوە لە هەر پێداویستییەکی ماددی و مەعنەوی سەردەمی منالی، واتە هەر ئەوەندە هەستی کردوە کە ببوە بە منداڵێکی فامدار، لەهەمان کاتیشدا گەنجایەتییەکی گەمارۆدراویشی هەبوە، پڕ لە کۆست و تەگەرە و دور لە ئازادی، بەڵام نەیانتوانیوە هەندرێن ڕابگرن هەروەک لە کۆتایی کۆپلەکەدا دیارە گەنجێکی بە جوڵە و چالاک بوە، کۆستەکان نەیوانتوانیوە هەندرێن ڕابگرن، کە مەبەستیش لێی گەنجیەتی منداڵی کوردە، کە هەمیشە ژێردەستی باوکسالاری و گەورەی جڤاک و کۆمەڵ و برا گەورەکانە. یان ئەگەرچی منداڵییەکی پڕ لە چەپاندن و چوارچێوەدارکردنی کردنی هەبوە، بەڵام هەمیشە هەر بزۆک و پڕ جوڵە بوە. ئەمە جگە لەوەی ئەو ئاماژەیەش دەدات بە دەستەوە کە ئەو ڕۆحێکی سەرکیش و بزێوی هەیە و نارازییە بەرامبەر بەو ڕابردویە و بەو ژینگەیەو بە تایبەتتر بەو خێزانەی کە نەیهێشتوە چێژی منداڵانەی لێ ببینێ. هەندرێن لەم ڕوانگەیەوە، ڕەخنەگر و ڕەتکەرەوەی ئەو نەریتە لە پەروەردەکردن و مامەڵە کردنە لەگەڵ منداڵ، کە نە دەتوانێ بوکەشوشەیەکی بۆ دابین بکات و بداتە دەست، نە قەڵەمڕەنگێکی بۆ بە ڕەوا دەبینێ. لە کۆپلەیەکی دیکەی شیعرەکەدا دیارە، دەڵێت:

**لەناوەکەمدا: ئەلف و بای پەرچەمی گەنجییەتی؛**

**هەڵاتن لە قەیدی ماڵەوە،**

**لە دەنگم... ڕا...**

**دە.....**

**پسکێن.**

**بە ڕێگای شاخەوە،**

**نیگایەک لە قەڵا و**

**قەیسەریی و**

**مەچکۆی هەولێرێ**

**جێدێڵێ**

**بەدوا ماڵئاواییەک لەو کیژەی مەکتەبی "کورانێ"**

**ئازادی ڕادەگەیێنێ، (هەندرێن،٢٠٠٩: ٦٤).**

لە دوای ئەوەی کە ناتوانێ لەگەڵ ئەو هەڵومەرجەی ژیانی ماڵەوە و کۆمەڵگەکەی، کە سەربەستی شاعیریان بنپێکردوە و ماڵەوەی لێ دەبێتە بەندیخانەیەک، هەڵبکات، هەوڵی دەربازبون لێی دەدات و خۆی ئازاد دەکات؛ دوای ماوەیەک ژیانکردن لە هەولێر ڕو دەکاتە شاخ، هەروەک ئاماژە بە دوا ماڵئاوایی خۆی دەکات لەگەڵ کچێکدا لە قوتابخانەی کوران دا، هەست دەکات ئیدی توانی ئازادی خۆی دەستەبەر بکات و وێڵی ئەو ئامانجانە دەبێت کە بەرنامەی بۆ دانابو. ڕۆحی هەندرێن لەم ژینگەیەدا، ڕۆحێکی عەوداڵی ئازادییە. ئازادی لە هەمو بەهاکان گەورەتر و مەزنترە. ڕۆحی ئاڤانتگاردی هەندرێن، ئامادە نییە خۆی بدات بەدەست هیچکام لە پێناسە پێکهاتەییە نەریتییەکانی کۆمەڵگە، کە ناسنامەی کۆمەڵایەتی دەبەخشنە مرۆڤ. ئەوەتا دەست لە هەمو یادەوەری و نۆستالیژی و یەکەمین دەرکەوتەکانی حەز و خۆشەویستی هەڵدەگرێ و خۆی ئازاد دەکات. بە دەربڕینێکی تر، ڕۆحی ئاڤانتگاردی هەندرێن پەیوەستە بە جۆرێک لە بەرجەستەکردنی گیانی گەنجانە، کە وەک ئالان بەدیو دەڵێ، پێویستی یان مەحکومی جۆرێک هاتنانە (initiation) نییە (بادیۆ، ٢٠١٨، ٣٣)، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندیین و هەر مرۆڤێک بۆ تێکەڵ بون بە کۆمەڵگە و هەر گروپێکی خەڵکی پێویستی پێیانە. ئەو بە دژی ئو تایبەتمەندییانە هەڵدەستێتەوە و وەک خۆی تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەبێت و ئازادی خۆی بەرجەستە دەکات.

## یاخیبون لە کۆمەڵگە:

هەندرێن دوای ئەوەی کە بە سەرنجدان لە نەریتی باوی بنەماڵە و ڕیسا نەریتییەکانی کۆمەڵگە، ڕێگەی دەرچون دەگرێتەبەر و وەکو پێشتر خستمانە ڕو، بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێ، بەڵام زۆری پێناچێ، لە دنیای کۆمەڵگە و بەها گشتییەکانیدا، دوبارە هەست بە نامۆبون و نارەزایەتییەکی زۆر دەکات و بەمشێوەیە، سەرلەنوێ، یاخیبون وەک بەرجەستەکەری ڕۆحی ئاڤانتگارد دەکەوێتە کار.

هەروەک دیارە سەردەمی ژیانی گەنجی هەندرێن سەردەمێکی پڕ لە کێشەی سیاسی و ململانێی نێوان حکومەتی عێراق و کوردستان و لە هەمانکاتدا ململانێی نێوان حزبە کوردییەکانیش لە لایەکی دیکە، بوە.

هەندرێن (وەک خۆی باس دەکات) هەمیشە یاخی بوە؛ لە سەرەتا ئەو سەردەمانەی خەڵک لە ترسی ڕژێم نەیاندەتوانی هیچ جموجۆڵێک بکەن، کەچی ئەو لە سەردەمی قوتابخانە بە دژی مامۆستاکەی یاخیبوە و قوتابیانی هانداوە کە کتێبی کوردی مەدەنەوە بە دەستی مامۆستا و مانبگرن دژی مەنهەجی عەرەبی، هەندرێن هەمیشە سەرکێشی ئەنجام دەدا و لە بەردەم موستەشار و ڕەفیق حزبییەکانی بەعس لە سەردەمی قوتابخانەدا شیعری بۆ کوردایەتی گوتوە، بۆ جاری دوەم یاخیبون بەرامبەر خێزانەکەی خۆی دەردەبڕێت و بەرهەڵستی خێزانەکەی دەبێت و بڕیاری بە جێهێشتنی ئەو ماڵە دەدات، لە گوندەکەیەوە بەرەو هەولێر دەچێت دەتوانین بڵێین پێش ئەوەی ببێت بچێتە ناو یەکەی ڕێکخستنی ناوشار و ببێت بە پێشمەرگە بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختەی کە تێکەوتبو لە ناوچەکەیان، نەیتوانیوە لەژێر باڵی ترس و دیلی و داگیرکاری دا بژی، هەروەها چونکە کاریگەر بوە بە نازناوە سیمبولەکانی شۆڕشگەری وەک (گیڤارا) و (هۆشی منە) و (مارکس) و … هتد، بۆ ماوەی نۆ ساڵ پێشمەرگە بوە، بەڵام دوای ماوەیەک لە پێشمەرگایەتی کردن لە ناوچەی جیاواز و دەستە و گروپی جیاوازی شۆڕشگێڕان، دەگاتە ئەو ڕاستییە کە ئەو خەباتە پیرۆزە لەپێناو مەبەستی تایبەتی سەرۆک حیزبەکان و لایەنە تایبەتییەکان بەکاردەهێنرێت، هەر زو لە شاخدا هیوای چەند ساڵەی بەرەو نشوستی و دەچێت و دادەڕوخێت، لەنێو خەباتی پێشمەرگایەتی دا هەرگیز دەستی بۆ کوشتنی شەڕی براکوژی بەرز نەکردۆتەوە کە ئەوساتە گشت حزبە نەتەوەییەکان لەگیانی یەکتر بەربون، بۆ نمونە بە خۆشی لە دەقێکدا دەڵێت:

**پێشمەرگایەیەتییەکی بێ پێناسە ، لێ شکۆ … مەند** (هەندرێن، ٢٠٠٩:٦١).

واتە هەرچەندە ناسنامەی پێشمەرگایەتی نەبوە و بە خزمەتیش بۆی نەنوسراوە و ناویشی لە هیچ فایلێکی پێشمەرگایەتیشدا نەبوە، لێ شانازی بە خەباتە شکۆمەندیەکەیەوە دەکات. چونکە وەک هەست دەکات ئەو ئەرکەی پڕ بە مانای پێشمەرگایەتی بەجێ گەیاندوە. هەر بەهۆی ئەوەش کە نەیتوانیوە داخوازییە بەرژەوەندیخوازانەی سەردارەکانی قبوڵبکات و لە قسەی سەردارەکانیش دا نەبوە و بیرکردنەوەی هەندرێن هەرگیز لەگەڵ دید و

بۆچونەکانی ئەوان یەکینەگرتۆتەوە، لە ڕاستیدا لە هەمو شوێنێک توشی کێشە بوە، چونکە نەیتوانیوە خۆی گێل بکات لەوەی کە هەیە و گشتیش لە بەرامبەری بێدەنگ دەبون، لە ئەنجامدا بەهۆی لەدەستدانی ئەو هیوایە گەورەیەی بە شۆڕشی کوردی هەبو دەست لە چەک هەڵدەگرێت و بێ کەسی و بێ ماڵییەکەی وای لێدەکات بڕیاری بەجێهێشتنی وڵات بدات(https://www.aryen.tv/play/movie/tarawge-hendren-besi-1). یان بە دەربڕینێکی تر، هەندرێن ئەگەرچی لە سەرەتاوە پێشمەرگایەتی وەکو دەرویەکی ڕزگاری و ئازادی دەبینێ، بەڵام دواجار بەهۆی لادان لە ئاڕاستە سەرەکییەکان و هەبونی زۆر پارادۆکس لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا، مانا و مەفهومێکی ئاڵۆز و پێچەوانە بەخۆوە دەگرێ و جۆرێک لە نائومێدی بەدیدێنێ. هەندرێن لەم ڕوانگەیەوە، لە لایەکەوە کە سەیری دڵ و دەرونی هەزاران کەس دەکات، کە لە خۆبردوانە و تەنیا بە مەبەستی ئامانجێکی دیاریکراو، ئامادەیی گیان بەختکردنیان هەیە، پێشمەرگایەتی بە شکۆمەند سەیر دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، گومانێک دەخاتە سەری، چونکە زۆر ئاڕاستە و دەرکەوتەی لار و لەوێر و پڕ لە پارادۆکس دەبینێ، کە کۆی مانای پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی، دەکەنە شتێکی بێهودە.

ئەگەر سەیری جڤاکی کوردی بکەین، ڕێژەی زۆری لە بەرەی بیرتەسکیدا ماوەتەوە و هێشتا نەیتوانیوە خۆی دەرباز بکات لە هەر یەک لەو بیرۆکە سادە و منداڵانەی کەلتوری بەسەرچو؛ لەهەمان کاتیشدا هێشتا بەڕێوەبردنی وڵات لەدەست کۆمەڵێک کەسایەتی نەشارەزا و دەرەبەگ و خێڵەکی ڕێنوێنی کۆمەڵگا دەکەن و لەهەمان کاتیشدا بیرمەندان و هونەرمەندان و نوسەرانی کوردیش لە شکڵدا خۆیان نوێخواز و هونەرییانە نیشا دەدەن، بەڵام زۆربەیان هێشتا نەیانتوانیوە هەنگاوی دواییان لەنێو کلتورە کۆنخوازەکە دەربهێنن و لەهەمانکاتیشدا بەدوای ناوبانگی هونەری دەگەڕێن و لەپەنای هونەردا لە هەوڵی بەهێزکردنی لایەنە مادییەکانی خۆیانن. هەربۆیە شاعیر وەک چەپڕەوێکی بوێر و بەرگریکارێکی چینی مافخوراو، هەمیشە ڕەخنە لەو ئایدۆلۆژییە نەتەوەیی و ئایینی و بۆرژوازییانە دەگرێت کە چینی ئاسایی کۆمەڵگا بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان و پارتەکانیان بەکاردەهێنن. بۆ نمونە ئەگەر سەیری شیعرێکی شاعیر بکەین، شاعیر دەیەوێت لە زاری دایکیەوە ئەو ڕوداوانەی نێو جڤاکەکەی بەڕوی خوێنەراندا پیشانبدات، هەروەک دەڵێت:

**((لە وەڕینی سەگەکانڕا شەڕ گەرمە**

**ڕەژگوڵەکان وەرین و هەر نەدورانەوە.))**

**جا ئاوڕ بۆ ماڵە جیرانەکەی وەردەگێڕێ و**

**دەستپێدەکاتەوە:**

**((دە ئەو ڕادیۆنە بکوژێنەوە**

**ئەم حكومەتە تاعون بڵاو دەكاتەوە**

**ئەو حاجی زەرد و خدری زیندە سەوزانە لۆ**

**ناگەڕێنەوە**

**هەی لێ دەڵێ ... لێ ... لێ ل .... ێ...... ))** (هەندرێن، ٢٠١٨: ١٣).

شاعیر دەیەوێت تاڵی ژیانی ئەو خێزانانە نیشا بدات كە منالّەكانیان بە مەبەستی شۆڕش و نەتەوەیی فریودراون، دایكێك لە چاوەڕێی كوڕە پێشمەرگەكەی خۆی دایە و ماوەیەكە نەگەڕاوەتەوە، سەگەكانیش لە بۆنی كەسانی نەناسرا و دەنگی تەقەی دوردەست هەر دەوەڕێن و برینی دایكەكان دەكولێننەوە، وەڕینی سەگ بۆتە ڕەمزی بەبیرهێنانەوەی ئەو لاوانە، خەمی ئەو لاوە تازە پێگەیشتوانەیانە كە تازە موی ڕەش دێمەكانیانی داپۆشیوە، كوژراون پێش ئەوەی مردن دەستی پێڕابگات؛ڕقی هەڵدەستێتەوە و بێزار دەبێت لەو دەنگە درۆینانەی ڕادیۆیەكان و گلەی لە دەسەڵات و حكومەت دەكات كە ئەوانن بون بە هۆكاری بڵاوكردنەوەی ئەم تاعونە و شەڕو ئەم خەڵكە لەیەكتر بەردەدەن، مەبەست لێی ئەو پارتە دەسەڵاتدارانەیە، شەڕی براكوژیان خولّقاند. ئاوار دەكات بۆچی ئەو (حاجی زەرد و خدری زیندە سەوزانە) بۆ ناگەڕێنەوە، مەبەستی ئاشتبونەوە و گەڕانەوە بۆ ڕێی ڕاستە، بۆ یەككگرتنەوە، بەڵام حەوسەلەی نامێنێ و دەست بە (سەردولكە) لاواندنەوە و پێهەڵگوتن دەكاتەوە و دەڵێت:

**((هۆ هەورە خەزریوەكان لەسەر برسێتیدا بارانێ دابكا**

**ئەو دەشت و كێڵگە و عەردانە ڕوحیان پێبدا**

**بەڵامەكینێ شەڕ گەرم دەبێ و سەگەكانیش**

**دەوەڕنەوە**

**لێناگەڕێن ڕەژگەڵەكان شین ببنەوە**

**هەی لێ دەڵێ ... لێ ... لێ ل .... ێ......**

**تۆش ئەمڕۆ لە هەندەرانەوە كاغەزەكەت نەناردەوە...))** (هەندرێن، ٢٠١٨:١٣).

سەرەڕای خەمی كێشە ناوخۆی میللەت و شەڕ و كوشتار، دەبینین سەردەمێكی وشكەساڵیش بوە، خەڵك بەدەست برسێتییەوە ناڵاندویەتیم، هەروەك لەم لەتە شیعرەدا (**هۆ هەورە خەزریوەكان لەسەر برسێتیدا بارانێ دابكا**)، بۆ

ئەوەی خەمی وشکەساڵی و برسێتیان لەکۆڵ بێتەوە، بەڵام بێهودەیە، دەبینین وەڕینی سەگە دەستپێدەکاتەوە لەگەڵ تەقەی شەڕا، خەمی لاوە تاراوگەنشینەکەشی لەکۆڵ نابێتەوە و ئەمڕۆش نامەکەی هەر نەگەیشت و دایکە خەم لەکۆڵەکەش هەر لە چاوەڕوانیدایە.

شاعیر بەمە ناوەستێت و بەردەوام ڕەخنەی توند ئاڕاستەی دەسەڵات و سیاسەتە نەشیاوەکانیان دەکات و دەڵێت:

**لەدەستم بێت کات لەجێی گلۆپەکەم هەڵدەواسم و خۆمم تێدا**

**دادەگیرساند،**

**مانگیشم بە پیادە بەسەر شونە تێنوەکانی کۆچا دەناردەوە.**

**لەدەستم بوایە ئەم سەردەمەی خاچ و باوێشکگرتوەم لە ((کەندیدی ڤۆڵتێر))،**

**لە حەسرەتێکەوە بۆ حەسرەتێکی تر هەڵوەدا دەکرد و ژیان و سیاسەتیشم**

**بەڕەشبینەکانی ((کونیگوندە)) لەو خۆشەویستییە سازشکارەیاندا**

**هەراسان**

**دەکرد.** (هەندرێن، ٢٠١٨:٨).

شاعیر لێرەدا هەستی یاخیبونی لە لوتکە دایە و نا ئومێد بوە لە هەمو شتێکی ئەوانی تر؛ دەیەوێت تەواوی ئەو بارودۆخە سەراوژێر بکات، دەیەوێت ببێت بە ڕۆشناییەک و خۆی لەشوێنی چراکان هەڵواسێت و ڕێگایەکان ڕۆشن بکاتەوە، ئەوەتا دەیەوێت مانگیش هەڵوەدا دەکات، شاعیر ژینگەکەیان بە ژینگەی نێو ڕۆمانی (کەندید)ی ڤۆڵتێر دەچوێنێت، کو باس لە شەڕی سیاسەت و دین دەکات، هەستدەکات ژینگەکەشیان هەمان سەردەمی کۆنی شەڕی خاچپەرست و کڵێسا و مەسیحیەتە، خۆشی وەک پەڵەوان و کاراکتەری سەرەکی ئەو ڕۆمانە دەبینێت (کونیگوندە)، بۆیە گەر لەدەستی دەهات هەمو ئەو هۆکارانەی بە نێوی دین و سیاسەت، کە ڕێگرن لەبەردەم پرۆسەی مۆدێرنکردنی کۆمەڵگا، لەناوی دەبردن و هەڵوەدا و هەراسانی دەکردن.

لە شیعرێکی دیکەدا بە توندی ڕەخنە لەو سەروەر و سەرکردانەی گەل دەگرێت و دەڵێت:

**ڕاسانێک، کۆڕەوێک، لە دەنگی خێڵێکدا ئاوارە دەبێ و**

**چڕنوکێک لە ناوەکیدا بیرهاتنەوەکان دەئەنجنێ .**

**مانایەک لە زاردا هەڵدەگەڕێتەوە و**

**نەوەیەک لە زماندا غەوارە دەبێ ،**

**شوێن پێیەک لە شۆڕش، لە یەکاتییەکی ڕماودا ،**

**هەڕاجی ڕادەگەیەنێ .**

**مێژویەک بەدەست دێوجامەی سەروەری بێسەردا،**

**ئیرادەی زڕاوە.** (هەندرێن، ٢٠٠٩:٥١-٥٢).

واتە، ئەوەتا لەگەڵ ڕاپەڕین و شۆڕش، لەهەمانكاتدا كۆڕەوێک لەدەنگی خێڵێک دایە، شپرزەییەک لە ناخدا هەمو ئەو یادگارییە تاڵ و ئازاربەخشانە بە ئاگا دەهێنێتەوە و ئەوەتا نەوەیەک زمانی خۆی لەبیرچوەتەوە و بێگانەیە بە زمانی خۆی، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو كارەساتانەی بەسەر ئەم گەلەدا هاتوە، ئەو شۆڕشە گەورەیەی كە هەمو هێڤی نەتەوەیەک بو لە هەرسەسهێنانێكی گشتی و سەرتاسەرییەوە ناچار دەبێت دەست بكێشێتەوە و هەرەسهێنانی خۆیان ڕابگەیەن، هەمو ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە كە كەسێک، ڕابەرێک، سەركردەیەكی بیرتیژ و لێزان نییە ڕابەرایەتی ئەم گەلە بكات، هەر بۆیە گەل و نەتەوەش ئیرادە و هێزی خۆیان لەدەستیداوە بەهۆی سەروەرانی نابەهرە و بێ توانا.

شاعیر دوای ئەوەی كە لە تاراوگە دەگەڕێتەوە و سەفەرێک بەناو شار و گوندەكانی كوردستاندا دەكات، هەوڵدەدات بەراوردیەک لەنێوان ئەو كات و سەردەمی ڕژێمی بەعس بكات و بتوانێت جیاوازییەكان لە نێوانیاندا ببینێتەوە، سەرەنجام توانیویەتی بە ئاسانی بیركردنەوەكانی ئەو هەمو چین و توێژانەی كە لەنێو كۆمەڵگان، بخوێنێتەوە؛ بۆیە لەم شیعرەی خوارەوەدا زۆر بە وردی وەسفی ئەو بیركردنەوە و ڕەفتارە ناپەسەندانەی كۆمەڵگەی كوردی كردوە، هەروەک لە كتێبی گوڵنارەكان لە شوێنپێی باخچەكانی تاراوگەدا ئاماژەی بەوە كردوە كاتێ لە گەڕانەوەی لە تاراوگە سەردانی یەكێک لە زانكۆیەكانی كوردستان دەكات بە مەبەستی وانەگوتنەوە، كە پێشتر لە سوێد داوایان لێكردبو ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ وڵات لەلای خۆمان وەک وانەبێژ وەرتدەگرین، لێ بە داخەوە كاتێ دەچێتە ژوری سەرۆكی زانكۆ، زۆر منالانە ئاسا مامەڵەی لەگەڵ كراوە و هەتا لێی ترساوە بەو جل و بەرگە و ڕیشە كە تیرۆرستە(هەندرێن، ٢٠٠٦، ٥٤)، ئەمەش زۆر ئازاری شاعیر دەدات، هەست بەوە دەكات كە لێرە ڕوخسار، جل و بەرگ هەڵسەنگێنەری بەهرە و توانا و زیرەكایەتی مرۆڤن و لەو شوێنەی كە خۆی ناداتە دەست نۆرمی باوی هەڵسوكەوت، تا بەربەست و فیلتەرەكان ببڕێت، خودێتی خۆی زیاتر بەرجەستەدەكات و بە گەڕانەوە و جێهێشتنی، ڕەتیدەكاتەوە و پەسەندی ناكات. هەر بۆیەش شیعرەكە بەوە دەستپێدەكات و دەڵێت:

**ئاوە ئەم ژورەش بۆ گومانكارەكەی سەركورسی**

**جێد...**

**ێلم...**

(هەندرێن، ٢٠١٨:٦).

تانە و گلەیی دەردەبڕێت و دەڵێت ئێرەش بۆ ئەو گومانكارە جێدێلم، هەست بەوە دەكات كە چەند قورسە مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو جۆرە ڕەفتارانە كە لەناو وڵاتەكەیدا ئاوا سەیربكرێت. شاعیرانی ئاڤانتگارد بەهۆی ئەو هەڵوێستە یاخی و بەرگریكارانەیان، هەمیشە لەنێو كۆمەڵی كۆنەپارێز و چینی سەرمایەدار و دەسەڵاتی بەرژەوەندیخواز دا بە ئاژاوەگێڕ دەناسرێن، هەروەک گوتمان هونەرمەندی ئاڤانتگارد هەمیشە مەبەست و وێنەی پشت ڕوداوەكان كەشف دەكات بۆ خەڵک و جەماوەر، تاكو ئاگاداریان بكاتەوە لە هەمو هەنگاوەكانی كەلتوری سەرمایەداری و هونەری سەرمایەداری و بازاڕی ساختە و دەسەهەڵاتی ساختە و ... هتد، هەر بۆیەش ئەم ناوەی (ئاژاوەگێڕ)ی دەدرێتە پاڵ، چونكە دەزانێت ئەوان لە ترسی لەنێوچونی دەسەڵات و بازاڕەكەیان ئەو تۆمەتە ئەیدەنە پاڵی، بەڵام هیچ نیگەران نییە لەم ناولێنانەی و شانازیش بەم ڕەفتارەی خۆیەوە دەكات. لەم كۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەڵێت:

**لەشەو گەڕام بە گەسكەكانی قەوزەی سەرگۆی زەویم بۆ پاک بماڵێ و**

**كاتیش بەسەر بیابانی جەستەمدا شەونم بگرێ.**

**ئەوەتا نەفرەتلێكراوێكم بە ئاژاوە كپەكانمەوە شەڕی پرسیار و مانایە**

**ڕەگەزپەرستەكان هەڵدەگیرسێنم و لە ژیان دەردەچم.** (هەندرێن، ٢٠١٨:١٩).

شاعیر چاوەڕێی شەوێكە، تاوەكو ئەو قەوزە(٤) بێكەڵكانەی سەر ئەو زەوییە لاببات و ڕایانماڵێت، واتە لێرەدا ئەو كەسە بێكەڵكانەی بەو قەوزە بێكەڵكەی سەر ئاو چواندوە، تاوەكو ئەو لەشە ماندو شەكەتەی كە وەک بیابان وشک بوە لە خۆشیاندا خوناو(شەونم) بیگرێت، هەر بەخۆشی ئاگادارە لەوەی كە چەندە نەفرەتلێكراوە لەنێو ئەو كۆمەڵگەیەدا، بەڵام بەو ئاژاوەگێڕییەی خۆی دەیەوێت گۆمی بشڵەقێنێت و خەڵک ئاگادار و وشیار بكاتەوە لەو هەمو پرسیار و مانا و مەبەستانەی ڕەگەزپەرستەكان و خۆ ویستەكان و شەڕێک هەڵدەگیرسێنێت.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە كە بزانین كۆمەڵگەی كوردی لە چ ئاستێكی پێشكەوتن دایە، تا چەند هەنگاوی نوێخوازی هاوێشتوە؟ ئایا هەر تەنیا لە فۆڕمدایە یاخود لە هەمو لایەنێكەوەیە نوێخوازیەكەیان؟سەبارەت بە ژینگە و كەلتوریی كوردی سەردەمی هەندرێن، ئەگەر بە گشتی سەیری كەلتوری كوردی بكەین دەبینین لە هەمو سەردەمێكدا

کەلتورەکەمان لەژێر هەژمونی داگیرکاریدا بوە، هیچ کات نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت لە شەپۆلێ کۆلۆنیالییەکان، بۆیە کەلتورەکەمان زۆر ئالۆزە، کەلتوری کوردی "لە سەدەی بیستەمەوە تاوەکو ئەمرۆش، لە ناوەڕۆکەوە هەمان کەلتورە خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەوەی کە گۆڕانی بەسەرداهاتوە تەنیا لە ئاستی ڕوکەشیدایە نەک ناوەڕۆکەوە، چونکە لە جڤاکی کوردیدا ئەوەی کە باڵادەستە بەسەر پەیوەندییە جڤاکی، ئابوری و سیاسیەکانەوە بریتین لە هێزە کۆنپارێزە یەک لە دوای یەکەکان"، (هەندرێن،١٩١:٢٠١٠-١٩٢)، ئەوەی گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە تەنیا پێشکەوتنی ئامرازەکانی هاتن و چون و تەکنەلۆژی و بیناسازی و ئامێرەکانی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێتە، ئەوەی کاری پێدەکات، هەمان ئەو عەقڵە چەقبەستوەی دەستی کۆنەپارێزییە، بۆیەش زۆربەی ئەو داهێنانە مەزنانەی بەدەستی تاکی کورد گەیشتوە هەر لە ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و هاتن و چون و هتد.... بە شێوازێکی هەڵە و نابەجێ بەکاردەهێنرێت، بۆیەش کارەساتی چاوەڕواننەکراو ڕودەدەن لە نێو جڤاکدا، بێگومان ئەو هێزە کۆنپارێزانە هەمیشە وابیردەکەنەوە کە نوێخوازی و پێشکەوتن دەبنە مایەی مایەپوچکردنی ئەوان،  بۆیە بە هەمو شێوەیەک هەوڵی پاراستنی ئەو کەلتورە کۆنەپارێزە دەدەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان، لەکاتێکدا کە ئێمە دەڵێین ئەمانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاردەکەن، ئەی سەبارەت بە چینی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا، هونەرمەندان! ڕەخنەگران! نوسەران! ئەدیبان و هتد....، بێگومان چینی ڕۆشنبیری کوردیش، زۆربەی ئەو بابەتانەی لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە زارەکییە و بە تیۆری قسەی لەسەر کراوە، هەروەها تێگەیشتنێکی ڕونی بۆ ئەو تەرزە ڕۆشنبیرییە فراوانەی جیهانی نییە، تەنیا بە شێوەی تەقلید و لاسایکردنەوە یاخو لە ڕێگەی وەرگێڕانێکی سەقەتەوە بەدەستیان گەیشتوە، مەسعود محەمەد لەبارەی ئەمەوە دەڵێت:"خولاسە ئەم نەزەرییانە و چیی دیکەش هەبێ وەیا پەیدا ببێ بۆ کورد نابێتە ماڵ، چەنداکو کۆمەڵە کوردێکیش بیخوێنن و تێیبگەن، تۆ دەبێ بزانیت کورد تەیارەچیی نییە با کوردیش هەبێ تەیارە لێبخورێت، چونکە نە فابریقەی تەیارە و نە تەیارەخانە و نە فێرگەی فرین و نە بەنزینی تەیارە و نە ڕادار و نە... نە... نە... هەر هیچی سەر بە تەیارە دروستکردن و هەڵفڕاندن و دەوامەپێدانی هەیە، ئیتر بەو پێیە ڕێوبان و خەتی شەمەندەفەر و فابریقەی هیچ شتێکی نییە... ڕێگەیەکی حکومەتی، بڵێین تورک، دەیکاتەوە بۆ ئاسانکردنی کوژانەوەی ئاژاوەی کوردانە"،(بەرزنجی،١٩٩٩: ١٨٩). بێگومان مەسعود محەمەد دەیەوێت نوسەر و شاعیر و بیرمەندانی کورد تەنیا لە بازنەی تیۆری نەخولێنەوە، بەڵکو هەنگاوی جدیش بنێن بۆ کارکردن لەسەر ئەم تیۆرییانە،  بە تایبەت شاعیران، کاتێک هەستدەکەن کە کۆمەڵگە و ژینگەکەیان ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنیان، دەبێت ڕێگەی دیکە بگرێتە بەر و بەرهەڵست ببێتەوە و نابێت لەدوای هەمان شوێنپێی پێشینان بکەون، چونکە "ئەگەر شاعیر تایبەتمەندییە دەرونی و ئاوەزییەکەی خۆی بکات بە کرۆکی بابەتە شیعرییەکانی ئەوا دەکارێ وزەیەکی زیندو، خۆکرد بە ئەزمونە شیعرییەکەی ببەخشێت، سازکردنی ئەو بابەتە خودییانە ئاسۆیەکی تر بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەزمونی شیعریی تر فەراهەم دەکەن و دەرسکێنن"،(هەندرێن، ٢٠٠٩:٦).

ئەدیبانی کورد لە نێو هاودژیەکی گەورەدان لەنێو ناخی خۆیاندا، پێیەکیان هەنگاو بۆ داهێنان و پێشکەوتن و نوێخوازی دەنێت و پێیەکەی دیکەشیان چەقیوە لەنێو بیر و هزرە کەلتورییە کۆنەکان، ڕاڕا و دودڵە، هەندێ جار خۆی بە نوێخواز نیشان دەدات، کەچی لە هەمان کاتدا مەیلی کۆنی وای لێدەکات دەست بە پوزانەوە بۆ کەلتوری ڕابردو بکات، نەک هەر ئەمەش بەڵکو هەمان سیستەمە کۆنەکەی پەیڕەودەکاتەوە، یاخود لە زۆربەی بەرهەمەکانیاندا نیوەدێڕێکیان نوێخوازە و نیوە دێڕەکەی دیکەیان پەیڕەوی سیستەمە کۆنەکەیە و بە هەمو هەوڵەکانیان ناتوانن دەستبەرداری ئەو کلتورە چەقبەستوە ببن، چونکە وا هەست دەکەن ئەگەر پەیڕەوی بزاڤێکی دیکەی نوێخوازیان کرد ئەوا مانای ئەوەیە کە ڕابردوەکەیان هیچ بوە، بێگومان نەخێر! سیستەمە کۆنەکە بۆ ئەوکات جوان و مۆدێل بوە و لە ئێستاشدا بەکارنابرێتەوە، چونکە زەمەن تیرێکی لەدەست دەرچوە، هەرگیز گەڕانەوەی نییە، بێگومان کاری ئەدەبیش بوارێکی گرنگی نێو ئەو زەمەنەیە، پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە بۆ گۆڕینی جیهان، "هونەر دەتوانێت بەسەر ئەندێشەدا زاڵبێت و هۆشیاری خەڵک بگۆڕێت........ ئەگەری گۆڕینی جیهان لەڕێی هونەرەوە دێتە ئاراوە، لێرەدا تێگەیشتنەکە ئەوەیە کە هونەر بەرهەمهێنەری شتەکانە"،(https://www.kurdrawm.com/idea/1846). واتە دەکرێ دەقی ئەدەبی بیرکردنەوەی مرۆڤ ئاڵوگۆڕبکات و نوێکردنەوەی تێدا بەدیبێنێت. هەروەها خاڵی بنەڕەتی شاعیری کاریگەر ئەوەیە کە "مەیلی چێژی جوانی، ویستی چڕکردنەوەی خود لە ناسنامەیەکی شیعریی، زمانێکی شیعری خۆکرد، بەندە بە ئاستی نیگەرانییەکانی شاعیر لەمەڕ ڕۆشنبیرییەکەی خۆیدا، ئەگەر شاعیر لە پرۆسە شیعرییەکەیدا نەیتوانی هێدی هێدی ئەو ناسنامە خودییە دەستەبەر بکات، وێدەچێ ئەو شاعیرە خاوەن ئەزمونێکی شیعری جیاواز نەبێت کە مایەی هزرلێکردنەوە بێت"(هەندرێن، ٢٠٠٩: ٧-٨).

بە کورتی، دەتوانین بڵێین، هەندرێن هەر لە سەردەمی منداڵییەوە، لە ژینگەیەکی ئەوتۆدا بوە، کە کەمتر هەستی بە ئارامی کردوە لە گەڵیدا. بۆیە هەردەم جۆرێک لە ڕۆحی یاخیبونی هەبوە. بە پشتبەستن بە دنیابینییەکی تایبەتی خۆی و هەروەها نەگیرسانەوەو بەرجەستەبونی جۆرێک لە سەرگەردانی و لەملا بۆ ئەولا چون، هەوڵیداوە خۆی بە جیاواز و پێشەنگتر دەربخات. بەتایبەت ئەوکاتەی کە بە ڕەخنەگرتن لە دۆخی هەنوکەیی، هەمیشە ئایدیالێکمان بە شێوەیەکی لە ناخدا هەڵگیراو، پێشکەش دەکات. ئەمەش بەرجەستەبونی ئەو ڕۆحی ئاڤانتگاردەیە.

## ئەنجام

لە دوتوێی شیکارەکانی ئەم توێژینەوەیەوە، گەیشتین بەو ئەنجامەی، کە شیعرەکانی هەندرێن پڕن لە ئاماژەی یاخیبون لە کۆمەڵگە و پێناسە باوەکانی. هەر لە یاخیبون لە ماڵ و بنەماڵەوە بگرە تا یاخیبون لە نەریتە نۆرماڵەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە. هەندرێن سەرەتا بە هۆی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی، بە دژی ژینگەی ماڵەوە هەڵدەستێتەوە و دەچێتە ناو فەزایەکی فراوانترەوە. بەڵام دواتر لەو فەزا فراوانەشدا، بەردەوام خۆی بە نامۆ دەبینێ و بەمجۆرە کەف و کوڵی یاخیبونی تێدا زۆرتر و زۆرتر دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین، بە

سەرنجدان لەو ڕەخنەگرییە و ئەو یاخیبونەی کە بەرامبەر بە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و نۆرمە باوە کۆمەڵایەتییەکان هەیەتی و لە دو توێی شیعرەکانیدا خستویەتەڕو، توانیویەتی ڕۆحی ئاڤانتگاردانە بەرجەستە بکات.

## پەراوێزەکان:

١ـ ئەم فەیلەسوفە کاریگەری لەسەر زۆرێک لەو کەسایەتیانە هەبوە کە تیۆرەکانییان جیهانیان بەرەو وەرچەرخان بردبو؛ لە چەندین ڕەهەندەوە سەرمەشق بو؛ بۆ نمونە ئەگەر سایمۆن نەبوایە نەریتەکان بەرچاوی تاکەکانیان لێڵ دەکرد؛ هەروەها باسی قەیرانە خولییەکانی سەرمایەداری کردوە و لەهەمان کاتدا باوەڕی بە سیاسەتیش نەبوە، باوەڕی بە میکانیزمی ڕۆشن هەبو، کە بێ پێچ و پەنا بو؛ پێی وابو کە ئەمە سیاسەتێکی دروست و مرۆڤانەیە نەک سیاسەتی چاوبەست و درۆزنانە و بە ئامرازکردنی مرۆڤەکان لەپیناو مەبەستە سیاسییەکانیان.

٢ـ ئەدۆرنۆ یەکەم کەس بو ڕۆڵ و گرنگی و پایەی هونەری ئاڤانتگاردی بۆ جیهان بەدیارخست، لە نوسینەکانیدا جگە لە باس و خواسی هونەر، بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵناسیش دا هەبوە، هەتاکو سایکۆلۆژیا و فەلسەفەش، لە گرینگیدانیشی بە هونەر و ئەدەب مەبەستی بوە تیۆرییەکی تایبەت بەخۆی دابهێنێت، چونکە پێی وابو قوتابخانە ڕەخنەیی و تیۆرییەکان ئەرکی ڕەخنەییان لەدەست داوە، زۆر بە توندی دژی بە پیشەسازیکردنی کەلتوری و بە پیشەسازیکردنی هونەری وەستاوە، هەر لە نمایش و سینەما و فیلم و موزیک و وێنەکیشان و .... هتد، دیوە دیار و شاراوەکانی بۆ جەماوەر ڕونکردوەتەوە و بۆ ئەوەی بەلاڕێدا نەبرێن و نەبن بە گەمەی دەستی سیستەمی کەلتوری بەجێماو و فڕوفێڵی سیاسەت و بۆرژوازییەت.

٣ـ تەنانەت لەو ماوەیەی کە لە زانکۆی سۆران بو(ئیستاش هەر )، زۆرجار کاتێک بۆ کارێکی فەرمی یان ناونوسین یان شتێک داوای ناوی سیانییان لێکردوە، لەوەڵامدا گوتویەتی: بە کەیفی خۆتان ناوی یەکێک بنوسن!!!!. هەر خۆم بۆ گەڕان بەدوای نوسینی ژیانی داوای سەرچاوەم لێکردوە، لە وەڵامدا پێی گوتم هەر ئەوەیە کە لەکۆتا لاپەڕەکانی هەندێ لە کتێبەکانم ئاماژەی پێکراوە، ناوم هەندرێنە و بەرهەم و کتێبەکانیشم تێیدا نوسراوە و .... هتد. بە جۆرێک لە جۆرەکان، نارونی و ئالۆزییەک، یان شاردنەوە و دژوەستانەوەیەکی بەرامبەر بە سۆراخی بنەماڵەیی خۆی هەبوە و هەیە.

٤ـ لەفەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگیێ شێخانی: ماناکەی جۆرە خڵتەیەکی سەوزە لەسەر ئاو و کانیاوەکاندا سەئاودەکەوێت و ئاوەکە دادەپۆشێت.

هەروەها لە فەرهەنگی هەنبان بۆرینە: مانای جلە شینەی سەر ئاو، یان هوردە بەرد، کە بتەوێت شوێنێکی لێ پاک کەیەوە بۆ دانیشتن.

# 'Rebellion as an Avant-Garde Spirit in Handren's Poetry

**Hazhar Ahmed Abdulghafur[1] - Hadar Safari Naqab[2]**

[1+2]Kurdish department, faculty of arts, soran university, Soran, Kurdistan region, Iraq.

**Abstract**

The leadership of authors and artists has long been a significant issue, concerning the existence and nature of art and literature. Also, it has always been discussed that literature and art are concerning issues, inventing new things, and having perspectives that ordinary people are not capable to feel, know or do them. Thus, there has always been a sort of differentiation or specialty among artists. In the modern era, this has been known as being avant-garde. The present study is entitled 'Rebellion as an Avant-Garde Spirit in Handren's Poetry'. It is an attempt to explain and explore the avant-garde character of the poet. The study attempts to manifest avant-gardism in the rebellious character of the poet. To do so, the study analyzes the sociopolitical background of the poet's life. This has been done by using the analytical descriptive method. Through collecting and analyzing the data, the research found and can argue that the author is criticizing society and the views on Kurdish political tradition. He, therefore, can be assumed as an embodiment of an avant-garde spirit.

**Key words:** Avant-Garde, Rebellion, Creation, Handren.

## سەرچاوەكان

بەرزنجی، عەلی تاهر بەرزنجی (٢٠٠٨)، كاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری كوردیدا، چاپخانەی چوار چرا، چاپی یەكەم، سلێمانی.

بەدیو، ئالان (٢٠١٨): ژیانی حەقیقی، و. مەنسوری تەیفوری، غەزەلنوس، سلێمانی.

حەمە، توانا (٢٠١٩)، موزیک چییە، چاپخانەی كارۆ، چاپی یەكەم، سلێمانی.

سایمۆن، سان (٢٠١٧)، وەرگێڕانی: كۆمەڵێک نوسەر، بەرگی چوارەم، چاپی یەكەم، دەزگای ئایدیا.

گۆڤاری مێنێرڤا، پاییزی ٢٠٢١، ئاڤانتگاردەكان، ژمارە ١، چاپخانەی كارۆ.

محەمەد، ئارام ( ٢٠٢١)، ئادۆرنۆ و ڕەخنەی كەلتوری، پرۆژەی سەد نامیلكەی فكری و ڕەخنەی.

هەندرێن، ٢٠١٠، زمان ئاسۆیەكە لە نێوان ئاسمان و زەویدا، سلێمانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوكردنەوە.

هەندرێن(٢٠١٨)، سكاندیناڤیا دورگەیەكی تر لە بخور، چاپی دوەم، پرۆژەی چاپی كتێبی مێخەک.

هەندرێن( ٢٠٠٩)، تەوتەمی شوێنەكان و تەمیانی باڵەكان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، چاپی یەكەم، ستۆكهۆڵم.

هەندرێن(٢٠٠٦)، گوڵنارەكان لە شوێنپێی باخچەكانی تاراوگەدا، سەنتەری ئەدەبی و فیكردی نما، چاپی یەكەم، سلێمانی

Adorno, Theodor W.(1997) Aesthetic Theory. Translated by Gretel Adorno and Rolf Tiedemann. Minneapolis: University of Minnesota Press.

Paresh joshi(2020) avant-garde literature and matter of enigma with reference to language poetrty, 19th nov.

peter Burger(1984), Theory of the, Avant-Garde , Translation from the German by Michael Shaw, Foreword by Jochen Schulte-Sasse.

Piet strydom,(1984) sociology of art- theorise of avant-garde, jun.

david cottington (2013)The theory of avant-garde a very short indtroduction, oxford university press, first published, 2013.

Hilton Kramer(1973) the age of avant-garde,published by: University Of Illinois Press, Apr.

https://www.aryen.tv/play/movie/tarawge-hendren-besi-3/ ، تاراوگە، هەندرێن، بەشی ١، سیاوەش گودەرزی، ٢٠٢١/١١/٣.

https://www.kurdrawm.com/idea/1846/، حەقیقەتی هونەر، ڕامیار محەمەد، ٢٠٢٢/٨/٥، ڕۆژی هەینی.

https://twanahama.blogspot.com/2016/12/1.html?m=1، زاراوەی پێشڕەو- ئاڤانتگارد، لە موزیک و هونەرە جوانەکاندا چییە؟ توانا حەمە، ٢٠١٦/١٢/٢٥.

https://rezasadeghi.net/avant-garde-art/ آوانگارد چیست؟ چگونه یک هنرمند آوانگارد باشیم؟ محمد ڕضا سادقی، ١٦/دی/١٣٩٧.

https://www.theartstory.org/definition/avant-garde/، ٢٠٢١/٣/٤، ليندا نۆچلين.

https://raznaak.com ، مفهوم آوانگاردیسم در مدرنیسم هنری، گروه ادبی هنری زرناک، کیا امید، ٢٠٢٢/٢/١.